# قوربانییەکانی ڕیکلام

ناجی ئەفراسیاو

ماهیر حەسەن، لوقمان عەزیزی. ئەم دووناوە تەنها گوزارشت لەخۆیان ناکەن. ئەوان هاوشێوەی کازم ساهیر، شەکیرا، میسی...هتد. گوزارشت لە هەموو ئەو کەسانە دەکەن کە دووجار قوربانیین، ئەگەر کەسی بەکاربەر و بەرخۆر یەکجار قوربانی و نێچیری ڕیکلام بن، ئەوا، ئەوانەی تەرویج و تەسویق بۆ کالاَ دەکەن دووجار دەبن بە تۆڕی بازاڕەوە (لە هەمووی بەدتر و کارەساتباوتر ئەوەیە، ئەمڕۆ مارکس کە خۆی دەربارەی "بەشتبوون" و"نامۆبوونی کالاَیی"قسەیکردووە، کراوەتە مارکە و بۆ بەرزکردنەوەی ڕەواجی شەخسی و کالاَیی وێنە و ئایدیاکانی بەکاردەهێنرێت). بازاڕ چیتر لۆکاڵی نییە، بەڵکو بەجیهانیکراوە و مرۆڤی ئابورییش بزووێنەری ئەم بازاڕەیە.

(مارکۆزە) دەڵێت کۆمەڵگای پیشەسازیی پێشکەوتوو؛ سیفەتی عەقلاَنی بەسەر ناعەقلاَنیدا دەبەخشێت، بەوپێیەی پێداویستیی ناپێویست دەگۆڕێت بۆ پێداویستیی زەروری. واتا "خەڵك لە ڕێگەی کالاَکانیانەوە پێناسەی خۆیان دەکەن. جەوهەری ڕۆحی خۆیان لە ئۆتۆمبیل و ئامێری تەلەفزیۆن و ماڵی ڕازاوە و چێشتخانەی مۆدێرندا دەبیننەوە. تەکنەلۆژیای هاوچەرخ سیفەتێکی عەقلاَنی بەسەر نەقسی ئازادیی مرۆڤدا دەبەخشێت"[1]. (مارکۆزە) پێیوایە لەسایەی ئەم بارودۆخەدا مەحاڵە مرۆڤ سەروەری خۆی بێت و ستایلی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت، ئەمڕۆ نەقسی ئازادی خۆی وەك واقیعێکی ناعەقلاَنی و سیاسی پیشاننادات بەڵکو گوزارشت لەو واقیعە دەکات کە مرۆڤ ناچار و ملکەچی دەزگای تەکنەلۆژی بووە، بەشێوەیەك بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ دابینەکات.

---

[1]) کتێبی مرۆڤی تاکڕەهەند.

بەرخۆری وەك جۆرێك لە ئالوودەبوون، بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و، بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویست و، ئارەزووی سەرمایە بۆ بازاڕکردنی بەرهەمەکان بە هەموو شێوە و ئامرازێك. ئەو وەهمە بۆ خەڵك دروستدەکرێت کە کاڵای ناپێویست گرنگترین شتە بۆ بەکاربەر/بەرخۆر. نوسەرێکی عەرەب[٢] پێیوایە؛ شانبەشانی گەشەسەندنی لۆژیکی درووستکردنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و هەمەجۆریی بەرهەمەکان، میکانیزمەکانی تەسویق و بازاڕگەرییش پەرەپێدراوە، کە بەپلەی یەکەم نەست(لاشعور) دەکاتە ئامانج، هەروەها سەرجەم فاکەڵتییەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ داگیردەکات. لەڕێگەی تەکنیکیی ئیلهامبەخش و خەواندنی موگناتیسییەوە ئەو وەهمە لای مرۆڤ درووستدەبێت کە ئەو ئازادە، بەڵام ئەو لە قووڵاییدا ئیرادەی لێ زەوتکراوە، کاڵا و بەرهەمێکی بەسەردا دەسەپێنرێت کە پێویستی پێی نییە، کەچی هەستدەکات شتێکی زەروورە، ژیان بەلایەوە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە وەك ئەوانی تر بێت، بۆیە هەستێکی وەهمی لادروستدەکات گوایە سەرکەوتوو بووە، واتا بونیادنانی پێناسەیەکی دەستکرد، دیدی خەڵکی بەلاوە گرنگە نەك ڕازیبوون لەخودی خۆی.

ئەمڕۆ سەرەڕای بێ پارەیی و پەژارە و هەژاری، هێشتا زۆرینەی خەڵك هەوڵی دابینکردنی هەندێك کاڵا و شت دەدەن کە بریتین لە "پێداویستیی ساختە"، واتا لە ئەسڵدا پێداویستی نین بەڵام بەهۆی چاولێکەری و خۆنواندن و، عورف و عادەتەوە لە ڕێگەی میدیا و ڕیکلام و خەڵکی ڕووکەشییەوە دەکرێنە پێداویستی، دواتر خەڵك دەبنە پاشکۆ و ملکەچی ئەم "کاڵا نازەرووریيانە". مارکس سەدە و نیوێك پێش ئێستا پێشبینیی: "بەشتبوون-ی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" و، "فیتیشیزمی کاڵاکان"ی کردووە، ئەم چەمکانە تەعبیر لەوە دەکەن کە کۆمەڵگای سەرمایەداری سەرجەم پەیوەندییە مرۆییەکان لە نێوان خەڵك دەگۆڕێت بۆ پەیوەندیی ئۆبێکتیڤی نێوان شتەکان، واتا پەیوندیی خەڵك لەگەڵ یەکتر لەڕێگەی ئەو کاڵایانەوەیە کە ئاڵۆگۆڕی دەکەن. لەم بارەوە (مارکۆزە) دەڵێت: "سەیرورەی -بەشتبوون- درێژەی کێشا تاکو خەیاڵیشی لەخۆگرت. چونکە مەجاز و وێنەکانمان خۆیان بەسەرماندا دەسەپێنن و، ئێمەش بەهۆیەوە ئازار دەچێژین".

---

٢) حمید لشهب.

ئایدۆلۆژیای باڵادەست و باوی ئەمڕۆ ئایدۆلۆژیای نیوڵیبراڵیزمە، کە قازانج و کەڵەکەکردنی سامان دەخاتە پێش هەموو بەهایەکی مرۆییەوە. ئەوەی ئەمڕۆ هەڵبەزودابەز بە "لوقمان عەزیزی" دەکات هێزی پارەیە. لۆژیکی سەرمایە بەتەنها میدیا و دەسەڵات و هێزی سەربازی/ئەمنی ئاراستە ناکات، بەڵکو بڕیاری کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەتەوەییی سوبێکت هەر سەرمایە دەستنیشانیدەکات. هەروەها کۆی ئەو شەڕانەی لە هەسارەکەدا بەرپابووە، پاڵنەرێکی ئابووری/بازرگانیی هەیە. بازاڕی نیولیبراڵیزم ئەو بازاڕەیە کە لەڕێگەی ڕیکلامەوە بڕیار و پێداویستیی مرۆڤ دەستنیشان دەکات، بۆیە (مارکۆزە) دەرباری ڕیکلام دەڵێت: "ئەگەر سنورێك بۆ ڕیکلام و ئالوودەبوون بە میدیا دابنرێت، دەستبەجێ تاك تووشی خورپە و ڕاچڵەکین دەبێت، بەڵام بێگومان دوای ئەوە هەلی پرسیارکردن و بیرکردنەوە لە خۆی و، خۆناسین (و ناسینی دژەکەی خۆی) و ناسینی کۆمەڵگاکەی بۆ دەڕەخسێت"[3].

ئەمڕۆ جگە لە بەرخۆری و مەسرەفگەرایی لە خۆراك و پۆشاك و شتی مادییدا، تۆڕەکە جەستەی مرۆییشمانی گرتووەتەوە، بازرگانیی سێکسی، جەستەیی...هتد. سلاڤۆی ژیژەك، سەبارەت بە ڕیکلامێکی نێو گۆڤاری هێڵی ئاسمانیی ئەمریکا، کە بەم شێوەیە دەستپێدەکات: "ڕەنگە ئیتر کاتی ئەوە هاتبێت بۆ ژیانی سۆزدارییت، پەیوەندیی بە کۆنتەراتچییەوە بکەیت". ژیژەك دەڵێت: "لەپاش بە کۆنتەراتدانی کاری دەستی (و زۆربەی ئیشە چەپەڵەکانمان) بە وڵاتانی جیهانی سێهەم و، لەپاش بەکۆنتەراتدانی پرۆسەی ئەشکەنجەدان بە دیکتاتۆرەکان، هەروەها بەکۆنتەراتدانی ژیانی سیاسی و ئیداری ئیتر بۆ لێنەگەڕێین پرۆسەکە بگاتە دوالۆژیکی خۆی و بیر لە کۆنتەراتدانی سێکسییش نەکەینەوە"[4].

هەرچی دەربارەی سوبێکتی مێینەیە لەنێو سیستمی نیولیبراڵیزمدا ئەوا، نیولیبراڵیزم وەبەرهێنان بە جەستە و ڕووخساری مێینەوە دەکات، وەك یۆهانا ئۆکسالا دەڵێت: "چیتر درێژکردن و بۆیەکردنی نینۆك لەلایەن ئافرەتانەوە، بۆ وروژاندن و سەرنجڕاکێشانی پیاو

---

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[4] کتێبی ساڵی خەونە ترسناکەکان.

نییە، بەڵکو بووەتە نیشانەی سەرکەوتنی پیشەیی و دارایی، واتا هێمایەك کە ڕەنگە یارمەتیبدات بۆ وەرگرتنی پۆست و وەزیفەی باڵاتر. بەهەمان شێوەش هۆکاری سەرەکی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری، بەپێی ئەو دیدارانەی لەگەڵیاندا کراوە، لەو بڕوایەدا بوون کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی وەزیفییان".